# فەتواکانی لێژنەی باڵای
# فەتوای کوردستان

# حوکمی کۆچکردن بۆ
# وڵاتانی غەیرە موسڵمان

یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لێژنەی باڵای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحيم

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
اللجنة العليا للإفتاء

بابەت : حوكمی كۆچ كردن بۆ وڵاتانی غەیرە موسڵمان

ژمارەی فەتوا : ٢٠١٦/١٦

بەروار : ١٤٣٨/٣/٢٤ _ ٢٠١٦/١٢/٢٣ ز

بابەت كردن : بابەتەكانی سەردەم

جۆری فەتوا : لێكۆڵینەوە

فەتوادەر : لێژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی كوردستان

((حوكمی كۆچ كردن بۆ وڵاتانی غەیرە موسڵمان))

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ....فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ النحل : ٤٣

سوپاس و ستایش بۆ خودای جیهانیان ، درودو سلاو لە بەرێزترین پێغەمبەر و لەسەر خانەوادەی و یارانی و پەیڕەوانی ئەو بەچاكە تا رۆژی قیامەت .

دیاردەی كۆچ كردنی مرۆڤ لە وڵاتی خۆی كارێكی كۆنە، مێژوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ بونی ئەم بونەوەرە لە سەر زەوی، بەڵام لە هەندێ كات و بارودۆخ زیاد و كەم دەبی، پاڵنەر هۆكارەكانی و مەبەست و فەرمانەكانی دەگۆڕین و نوێ دەبنەوە بەگوێرەی كات و شوێن و هۆكارەكان، زۆر بەداخەوە بەم دواییە دەبینین ئەم دیاردەیە بەگشتی لە وڵاتی موسڵمانان زیادەی كردووە بەتایبەتیش لە هەرێمی كوردستان و بە تایبەتیش لە ناو گەنجەكان، ئەم دیاردەیە هەڕەشە و مەترسیەكی گەورەیە بۆ قەوارەی ئەم هەرێمە، هەروەها لە دەست دان و بە فیڕۆ چونی هێزو توانا و بیرمەندایەتی، كاریگەری نەرێنی دەبێت لە سەر خەڵك و وڵات و كۆچ كەران و ئەم وڵاتانەی كە بۆی دەچن و لێی كۆچ دەكەن، لە بەر ئەوەی ئەم وڵاتانە ڕۆشنبیری و داب و نەریتیان جیاوازە، هەروەها بیرو باوەڕیان و كاری كۆمەڵایەتیان لەبەرامبەر وڵاتانی ئیسلام ، وا دەبێ ناچار دەبن و زۆریان لێدەكرێت كەوا بتوێنەوە و بگونجێن لەگەڵ ئەم سروشتە نامۆیەی كە روی تێدەكەن و ژیان لە ناو ئەم كۆمەڵگایە نوێیەی كە بۆی دەچن، لە بەر ئەوەی كەسانێكی زۆر ئاگاداری فەرمانە شەرعییەكان نینە دەربارەی ئەم كۆچ كردنە، بۆ وەڵامدانەوەی زۆر لەم پرسیارانە كە ئاراستەمان دەكرێن لەم بارەیەوە، بۆ كەم كردنەوەی ئەم دیاردە ترسناكە كە پێویستە چارەسەر بكرێت،بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام ، بۆ لێكۆڵینەوە و بەداواداچونی هەموو ئەو لایەنانەی كە پەیوەندن بەم بابەتەو فەرمانەكانی ، لێژنەی فەتوای باڵا دانیشتنێكی ساز كرد بۆ ئەم مەبەستە لە مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان لە رۆژی پێنج شەممە لە ٢٤/ربیعی یەكەم / ١٤٣٨ك بەرامبەر ٢٠١٦/١٢/٢٣ ، لە پایتەختی هەولێر ... بە دانیشتنێكی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە:

لە پاش تاوتویٚ کردن و لیٚکۆڵینەوەی ئاگاداری لە هەموو لایەنەکانی ئەریٚن و نەریٚنی و خستە ڕوی بەڵگە شەرعیەکان بۆ ئەم مەبەستە و بەراورد کردن بەرامبەر فەرمان و کیٚشە شەرعیەکان، لیٚژنەی باڵای فەتوا لە هەریٚمی کوردستان بەڕای هەموو ئەندامانی گەیشتە ئەم فەتوایە لیٚکۆڵدراوە و شیکارە :

پیٚناسەی کۆچ کردن لە زاراوە و لە بەکار هیٚنانی شەرعیدا :

لە زاراوە: ئەم وشەیە وەرگیراوە لە( کۆچی کرد – کۆچ دەکات – بەکۆچ کردن ) ئەگەر وترا:( هجر بیتە)ماڵی خۆی جیٚهیٚشت، بە مانای وازی لیٚهیٚنا،یان( هجر زوجتە ) بە مانای وازی لە خیٚزانەکەی هیٚنا و تیٚکەڵی نەبو بەبیٚ تەلاقدان، یان ( هجر فلاناً ) هاموشۆی ئەو کەسەی نەکرد و وازی لیٚهیٚنا، پوختەی ئەمەی رابردوو لە بابەتی(ه.ج.ر) ئەم وشەیە مانای واز لیٚهیٚنان و پشت تیٚ کردن و چونە شویٚنیٚ ترە.

کۆچ کردن لە مانای شەرعەوە : واز هیٚنانە لەم نیشتیمانەی کە لەنیٚو گاورانە بۆ نیٚو وڵاتی ئیسلام ، ئەمە مەشەخت و کۆچی شەرعیە ، بەڵام ئەم کۆچ کردنەی کە ئیٚمە مەبەستمانە و لیٚی ئەدوییٚن: بۆ نیٚو وڵاتی جگە لە ئیسلامە بە نیەت و مەبەستی مانەوە و نیشتەجیٚ بوون .

پیٚش رونکردنەوەی ئەم دیاردە ترسناکە ، پیٚویستە ئاماژە بە هەندیٚ کیٚشە بکەین کە پەیوەندی بەم کۆچ کردنەوە هەیە:

یەکەم : بنەڕەت لەکۆچ کردنی شەرعی ئەوەیە لە وڵاتی گاور بیٚت بۆ نیٚو وڵاتی ئیسلام ، ئەمەش بۆ بیٚهیٚز و بیٚ دەسەلاتانە، ئەم کۆچە پیٚویستە لە ڕیٚگە و پیٚناوی خواو پیٚغەمبەرەکەی بیٚت(درودی خوای لە سەر بیٚت) هەروەها بۆ پاڵپشت و سەرخستنی ئاینەکەی بیٚت، خوای گەورە دەفەرمویٚت : ( وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْ لَنُبَوِّئَنَّهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗۖ وَلَأَجۡرُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٤١ ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ) النحل : ٤١ – ٤٢، واتە ئەوانەی لە ڕیٚی خودا کۆچیان کرد دوای ئەوەی ستەمیان لیٚ کرا ، بیٚگومان لە دنیا دا نیشتەجیٚیان دەکەین زۆر بە چاکی، بە ڕاستی پاداشتی رۆژی دوایی گەورەترە ئەگەر بیانزانی بایە ، ئەوانە کەسانیٚك بوون دانیان بە خۆیان گرت و تەنها پشتیان بە پەروەردگاریان بەست .

پیٚغەمبەر( درودی خوای لەسەر بیٚت ) فەرموویەتی:( إنَّما الأعمال بالنيات، وإنَّما لكل امرئ مانوى،فمن كانت هجرته الى الله ورسوله، فهجرته الى الله ورسوله ومن كانت هجرته إلى دنيا يصيبها، أو إمراة ينكحها، فهجرته إلى ما هاجر إليه) متفق عليه – واتە: کردەوەکان هەمویان بەندن بەنیەت و مەبەست، هەموو کەسیٚ پاداشتی مەبەستەکەی خۆی هەیە، هەر کەسیٚ کۆچ بکات لە پیٚناوی خودا و پیٚغەمبەرەکەی، ئەم کەسە کۆچەکەی بۆ خودا و پیٚغەمبەرەکەیە و پاداشتی ئەمەی بۆ هەیە، یان هەر کەسیٚ کۆچ بکات لە پیٚناو وەدەست هیٚنانی دونیا و یان ئافرەتیٚ هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، ئەمە کۆچەکەی بۆ ئەم کارەیە کە ویستویەتی.

ئەم دوو کۆچەی کە لەئیسلام رویاندا: کۆچ کردن بۆ وڵاتی حەبەشە بوو وە بۆ شاری مەدینەی پیرۆز بوو، کۆچ کردن تا رۆژی قیامەت ماوە و بەردەوامە، لە لای جمهوری زانایان، بەڵام فەرمودەی(لا هجرة بعد الفتح) رواه البخاري، ئەمە مە بەستی کۆچ کردنە لە شاری مەککە بۆ شاری مەدینە، لە بەر ئەوەی شاری مەککە فەتح کراوە ببوە بەشیٚك لە وڵاتی ئیسلام ، بەم شیٚوەیەش دەمینیٚ تا رۆژی قیامەت .

یەکیٚتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیٚژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للإفتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان



ناونیشان: هەولیر – شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان – اربيل – الشارع الستيني – مقابل البرلمان
www.zanayan.org

دووەم:کۆچ کردن لە شوێنی کە گوناه وکردەوەی خراپ و گومڕایی بە ئاشکرا لێ وە دیارکەوت، هیچ بەربەستی ئەم کردارانەشی لێ ڕونەدا، پێویستە لەم شوێنە کۆچ بکات بۆ شوێنی تر، کە زیاتر پارێزراو و دڵنیا تر بێت بۆ ئاین و داب و نەریتی، ئەمەش بەپێی توانای دەبێت، لە بەر ئەوەی پاراستنی ئاین لەم پێنج مەبەست و کارە بنەڕەتی و زەرورەتانەیە، هەروەك ( حجة الإسلام ) ئیمامی غەزالی لەکتێبی (مصطفى) باسی کردووە لاپەڕەی (١٨٨).

سێیەم : ئەمڕۆ کۆچکردن بە زۆری لە وڵاتی ئیسلام پێچەوانە بوتەوە لە بەرامبەر کۆچی شەرعی کە باسمان کرد،بەڵکو گۆڕاوە کۆچ کردن لە وڵاتی ئیسلام بۆ وڵاتانی ئەوروپا ( وڵاتانی غەیرە موسڵمانان ) ئەم دەربڕینە لە لایەن زانایانی پێشوو بە ( وڵاتی گاوران و وڵاتی پەیمان بەستوو یان وڵاتی سوڵح و ڕێکەوتن ) بەم جۆرە زۆربەی زانایانی سێ مەزهەب وڵاتیان دابەش کردووە بۆ سێ چین: ئەمە ڕای بەهێزە لای شافیعیان، بەپێچەوانەوە ئەبو حەنیفە بەر دڵۆڤانی خوا بکەوێ، ئەمەیان وڵاتی کردوونە دوو بەش( وڵاتی ئیسلام) و وڵاتی (دار الحرب) ئەم وڵاتانەن کە دژی موسڵمانان دەجەنگن، یان وڵاتی هودنەوە( موادعة ) لە شێوەی ڕێکەوتنە وڵاتی ڕێکەوتوو لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی.

زۆربەی وڵاتانی ئێستای غەیرە موسڵمانان لە وڵاتی هودنە ئەژمار دەکرێن،بە مانای وڵاتی: ئاشتی خواز، ئە مەش لە سەر بنەمای ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی کەوا وڵاتانی موسڵمان لەگەڵ جگە لە موسڵمان چونە ناو( پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان)،دەتوانن وڵاتانی ڕۆژ ئاوا و ڕۆژ هەڵات لە وڵاتانی ئاشتی خواز ئەژمار بکەین، پەیامی لیژنەی باڵای فەتوا لەکوردستان ئەم ڕایەی پەسەند کردووە و گرتوتە بەر بە وڵاتی ئیسلام لە لای ئیمامی شافعی کە: هەموو ئەو شوێنانەنی کە فەرمانەکانی ئیسلامی تیا پەیڕەو دەکرێت، یان وڵاتی موسڵمانانە هەرچەندە خەڵکی سەرانە دەریش تیا بێت، یان موسڵمانان ئەم شوێنەیان فەتح کرد بێت بەڵام لەژێر دەستی گاورانیان جێهێشتبێتەوە، یان ئەم وڵاتەی گاوری تیابووە بەڵام موسڵمان وەدەری ناون، هەمووی بە – دار الإسلام- دەناسرێت، ئەم زانیارییە هاتووە لە حاشیەی بوجەیریمی لەسەر شەرحە مەنهەج : ٤/٢٢٠، و نهايه المحتاج الى شرح المنهاج لشمس الدين الرملى : ٨/٨١، والموسوعه الفقهيه الكويتيه ( مصطلح دار الإسلام ) ٢٠/٢٠١ ، ئەمە ڕای بەهێزە لای زانایانی شافیعی( كما جاء في نهاية المحتاج ج ٨/٨٢). واسنى المطالب في شرح روض الطالب للقاضي زكريا الأنصارى (٤/٢٠٤ ) ، وڵاتی ئیسلام بە هیچ شێوە ناگۆڕدرێ بۆ وڵاتی گاور، هەر چەندە گاوران دەستی بەسەر دا بگرن و موسڵمانان لێ وەدەرنێن و فەرمان و یاسای خۆیان لێ پەیڕەو بکەن، بە بەڵگەی ئەو خەبەرەی کە دەڵێت( الإسلام يعلو ولا يعلى عليه ) أخرجه الدار القطني في سننه ( ٣/٢٥٢) من حديث عائذ بن عمرو المزني،وحسنه الحافظ ابن حجر في الفتح (٣/٢٢٠) .

هەندێ لە زانایانی سەردەم فەتوایان بە پێچەوانەی ئەمە داوە، بەڵکو فەلەستینیان کردوتە (دار الحرب) بە مانای وڵاتی گاوری نا ئاشتی خواز لە جەنگ لەدژی موسڵمانان، ئەمەش لە بەر ئەوەی داگیر کراوە، بەڕای ئەم زانایانە واجبە موسڵمانەکان ئەم وڵاتە جێ بێڵن و کۆچ بکەن ، بەڵام ڕون و ئاشکرایە دەرەنجامی ئەم فەتوایە کە چەندەها کاری نابەجێی تیایە کە زانایان باسیان کردووە.

لە (روضة الطالبين )١٠/٢٨٢: ونهايه المحتاج:٨/٨٢) دا هاتووە: هەرکەسێ بتوانێ ئاینی خۆی ئاشکرا بکات لە وڵاتی (دار الحرب ) وە بتوانی کە خۆی کەنار بدات، دەستکەوتی تایبەتی خۆی هەبێت لە شوێنێ لەم وڵاتە و بتوانێ بەم جۆرە خۆی بپارێزێ، ئینجا لە پەنای یاسا بێت یا بە هەر جۆرێ بێت، دروست نیە کۆچ بکات لەو شوێنە، لە بەر ئەوەی ئەم جۆرە شوێنە بۆتە وڵاتی ئیسلام، بەکۆچکردنی دەگەڕێتەوە باوەشی گاوران، ئەمەش دروست نیە، بەڵکو ئیمامی شافعیش



ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org

لیژنەی باڵای فەتوا
اللجنة العليا للافتاء

مۆڵەتی داوە کە موسڵمانان بچنە ناو وڵاتی گاوران بە وەرگرتنی پەنا، فەرمانی ئەم جۆرە کارەشی ڕون کردۆتەوە لەکیتابی ( الأم-٢٦٣/٤) دەڵێت : ئەگەر چینێك موسڵمان چوونە وڵاتی(دار الحرب) بە پەنا وەرگرتن،دوژمنەکانیان لە وان دڵنیان تا وەکو ئەم شوێنە جێ دێڵن یان پەنایان کۆتایی دێت، بە هیچ شێوە لەم ماوەیە موسڵمانان بۆیان نییە ستەم و خاپاکیان لە گەڵ بکەن .لە شوێنی تریش لە (الأم -٢٩٣/٤) دەفەرموێت: ئەگەر کۆمەڵە موسڵمانێ بەوەرگرتنی پەنا چونە وڵاتی (دار الحرب)، ئەم گاورانە ئەگەر چینە موسڵمانێ تریان بەدیل گرت، ئەم موسڵمانانەی پەنادراون بۆیان نییە بجەنگن لە دژی ئەم گاورانەی کە پەنا یان داون، تا وەکو ئەم پەنا دانە هەڵنەوەشێتەوە، هەر کاتێ هەڵیانوەشاندەوە و ئاگاداریان کردنەوە، پەنادان نامینێ لە نێوانیان و ئەو کات دەتوانن لە دژیان بجەنگن، بەڵام لە ماوەی پەنادان بۆیان نییە لە دژیان بجەنگن.

کۆچ کردن بۆ ئەوروپا و وڵاتانی غەیرە موسڵمان لەم سەردەمەی ئێمە زۆربەی لە بەر چەند هۆکارێکە،لەوانە: نا سەقامیکری ئاسایش،وەیا هۆکاری ئابوری یا خوێندن یا بۆ بانگ خوازی، یا بۆ چارەسەری پزیشکی یا بۆ کاروباری دیبلۆماسی، یا بۆ گەشت و گوزار، حوکمی شەرعیش دەگۆڕێ بەگوێرەی مەبەستی کۆچبەر بەم شێوەیەی خوارەوە :

١-کۆچ کردن و هەڵهاتن لە دەستی زۆردار و ملهوڕ و ڕژێمە بۆگەنەکان و ئەوانەی کەمافی مرۆڤ پێشێل دەکەن لە وڵاتانی ئیسلامی،کە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش زۆربەی بەم جۆرەن،کۆچ کردن لەم جۆرە وڵاتانە دروستە لە سەر ڕای بەهێز و پشت پێبەستراو، ئەمەش بۆ پاراستنی گیانە کە دووەم مەبەستی شەریعەتی ئیسلامە و واجبە ڕەچاو بکرێت بەڕای هەموو زانایان، ئەمەش بۆ وەدەست هێنانی ژیانێکی ئاسودە و خۆش بەڵام بەم مەرجانەی خوارەوە :.

أ- پێویستە لە ئاستی ئەو ناچاریە بێت کە باسمان کرد، واتە: مرۆڤ لە گیانی خۆی بترسێت.

ب-کۆچ کردنەکە کاتی بێت بە مەبەستی نیشتەجێ و مانەوە نەبێت تا مردن .

ج-لەم باوەڕە بێت کە ئاین و باوەڕی ناگۆڕێ و تێك ناچێت، و دەتوانێ کاروباری ئاینی خۆی لەم وڵاتە جێ بە جێ بکات، لە بەر ئەوەی بەگشتی ئاین لە پێش گیانە لە پاراستن لە سەر بنەماکانی تر.

ڕەنگە موسڵمانان دڵی خۆیان بەمە بدەنەوە بە کۆچ کردنی موسڵمانان بۆ وڵاتی حەبەشە لە بەر زۆرداری قوڕەیشیەکان، بەڵام ناتوانێ ئەمە بکرێتە بەڵگە، لە بەر ئەوەی ئەو کات قوڕەیشیەکان گاور بوون و ڕقیان لە موسڵمانان دەبوەوە،و هەروەها زۆریان لێ دەکردن بۆ گومڕایی بونیان، ئەمە و بەزۆر جۆری ستەم و کوشتن، ڕەنگە جیاوازی هەبێت لە نێوان هەردوو بارودۆخ، وە لە لایەنی زۆرداری و زەوت کردنی ئازادی ئاینی و هزری و ئابوری یەك دەگرنەوە .

بەڵام هەندێ لە زانایانی سەردەم کە ئەم کۆچکردنە قەدەغە و حەرام دەکەن ، بەڕەچاو کردنی ئەگەر داوای نیشتەجێ بکات لە ئەوروپا بەشێوەیەکی ڕەها ڕایەکی هەڵبژێردراوە، بەڵام ئەو زانایانە پشتیان بەستووە بەم فەرمودەی ئەبو داود و تورمزی و نەسائی و تەبەڕانی گێڕایتیانەوە، و دەقەکەش لای تەبەرانی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) خالیدی کوڕی وەلیدی ڕەوانەی لای خەلکانێ کرد لە هۆزی ( خثعم ) ئەم هۆزەش گاور بوون بەڵام هەندێ موسڵمانیان تیابوو، موسڵمانەکان پەنایان بردە بەر کڕنۆش بردن لە شێوەی نوێژ کردن بۆ ئەوەی خالید و هاوەڵەکانی نەیانکوژن و بزانن ئەوانە موسڵمانن، بەڵام خالید ئەوانی هەر کوشت ، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت کە بەمەی زانی نیوە خوێنی بۆ ناردن و فەرمووی:( أنا برئ من کل مسلم أقام مع المشرکین، لا تراءی ناراهما) من پاڵپشتی ئەو کەسانە نیم کە لەناو


ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org
یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فەتوا
اللجنة العليا للافتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

گاوران نیشتەجێن، بەڵکو پێویستە ئەوەندە لە یەکتری دوور بن ئاگری یەکتری نەبینن ئەم بەڵگەیە لە بەر ئەوەی بەبێ هێز دادەنرێ زانایان ئەم فەرموودەیان بەمورسەل داناوە، ئەگەر واش دابنێین کە فەرموودەکە ڕاستە چەند ئاڵۆزیەك هەیە لە ناو فەرموودەکە کە بێهێزی دەکات ببێتە بەڵگە بۆ ئەوانەی فەرمان بە قەدەغە و حەرامی کۆچ کردن دەدەن ، هەموو بەڵگەیەکیش ئەگەر کێشە و بۆچونی کەوتە ناو نابێتە بەڵگە لە لای زانایانی ئوسولی فیقە، زانایانی مەزهەبی زاهیریش ئەم فەموودەیان کردوتە بەڵگە، بەڵام زاهیرییەکان هەر دەقێکیان چەنگ بکەوێ بەکەمترین وێچون بچێتە سەر مەبەست ئەوان دەیخەنە ڕوو پیای هەڵدەڵێن، هەندێ جاریش ئەمە دەکەن بەبێ وێچوونیش، ئەم فەرموودەی کە باسمان کرد بە ڕاشکاوی دژایەتی ئەم فەرمودەیە دەکات کە ئیبن و حیبان لە سەحیحی خۆی هێناویە :( يا فديك أقم الصلاة وآت الزكاة واهجر السوء وأقم من أرض قومك حيث شئت) بەم کابرایەی فەرمو کە ناوی (فديك) بو کە نوێژ بکە و زەکات بدە و دەست لە کارە خراپەکانیش هەڵگرە و لەگەڵ قەوم و هۆزی خۆت بژی لە هەر کوێ بن ، کە هۆزی ئەویش گاور بوون.

هەروەها فەرموودەکە یەك ناگرێتەوە لەگەڵ نیشتەجێی موسڵمانان لەوڵاتی حەبەشە بۆ ماوەی پازدە ساڵ ، ئەوانیش ژمارەیان هەشتا موسڵمان بوون ، حەبەشەش وڵاتی گاوران بوو ، ئەوان نەگەڕانە بۆ مەدینە تاوەکو ساڵی حەوتەمی کۆچی .

پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لەپێش چونیان بەوانی فەرموو:( إذهبوا إلى الحبشة فإنَّ فيها ملكاً لا يظلم عنده أحد وهي دار صدق ) واتە:بڕۆن کۆچ بکەن بۆ وڵاتی حەبەشە کە مەلیك فەرمان ڕەوایەکی لێیە کە کەس ستمی لێ ناکرێ لای ئەو ، ئەمەش بەراستی وڵاتە و ئاشتی خوازە .

لە پاش خستنە ڕوی ئەم بەڵگە و لێکۆڵینەوانە دەرەنجام کۆچ کردن بۆ هەر شوێنێ ئاشکرایە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ڕژێمی یاسای ئەم شوێنە، بە جۆرێ تا چەند دادوەری و ئازادی و بەرقەراری تیایە بۆ نیشتەجێیان و ئەوان بۆی کۆچ دەکەن، بۆیە زۆر بەی زانایانی سەردەم کە بیرو ڕایان ڕەچاو دەکرێت لە گەڵ ئەوەدان کە نیشتەجێ بوون دروستە لە ناو وڵاتی گاوران بۆ خوێندن و کارکردن، ئەمەش بەکار کردن بەکەمتر لە بنەمای زەرورەت و پێویست ( الضرورات تجيز المحظورات ) لە بەر ئەوەی ئەم بنەمایە تەنها لەم شوێنە کاری پێ دەکرێت کەوا بەناچاری شتی قەدەغە و حەرام بەکار بێنێت ، یان ئەوەی لەخودی خۆی حەرامە .

بەڕای ئەم زانا بەرێزانە وا دەبینن هەتا کو موسڵمان بتوانێ ئاینی خۆی ئاشکرا بکات کارە پێویستیەکانی ئەنجام بدات لە نوێژو نوێژی هەینی و ڕۆژو زەکات و ئەم جۆرە کارانە ، هەروەها دڵنیا بێت کە ئاینی خۆی لە دەست نادات ، ئەمە بۆی هەیە لە وڵاتی گاوران بمێنێتەوە ، ئەوەی کە ئاشکراو دیارە بە بیستن لە خەڵکانێ زۆر و بە تاقی کردنەوە،کەوا وڵاتانی خۆر ئاوا بەگشتی مۆڵەتێکی فراوان دەدەنە موسڵمانانی نیشتەجێ، ئەوانەی لەژێر فەرمان و یاسای ئەوان مۆڵەتیان دەدەن نوێژ بکەن و زەکات بدەن حەج بکەن و قورئان بخوێنن، قوتابخانەی ئیسلامی بونیات بنێن و لەم بابەتانە لەجۆرەها ئەم چالاکیانەی کە وا موسڵمان ئاینی خۆی پێ دەپارێزێ .

ئەم زانایانەی کە وا لەم کارەیان کۆڵیەتەوە دەڵێن: تەوەر و خولگەی فەرمان دان لەسەر هەر وڵاتێ کە ئایا وڵاتی ئیسلامەیان وڵاتی ناموسڵمانی ئاشتی نەخوازە ( دار الحرب ) دڵنیا بونە لەسەر سەلامەتی ئاین ، هەرچەند موسڵمان لە وڵاتێ بێت کە هیچ ئاینیان نەبێ ، یان ئاینیان جگە موسڵمان بێ، بە جۆرێ ئەگەر توانی کاروباری ئاینی خۆی بە ئازادی


ناونیشان: هەولیر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org
لیژنەی باڵای ئیفتا - اللجنة العليا للإفتاء - اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

ڕاپەڕینیٚ ، ئەمە وڵاتی ئیسلامە ، بەم مانایەی واجب نیە لە سەری ئەم شوێنە کۆچ بکات، زانای خوا لیٚ خۆش بوو محمد ئەبو زەهرە لە نامیلکەکەی خۆی بەناوی ( نظرية الحرب فى الإسلام -لاپەرە ٣٨) دەڵێت: زانایان دوو ڕایان هەیە دەربارەی ( دار الإسلام و دار الحرب ) ئەم زانایە ڕای ئەبو حەنیفەی هەڵبژاردووە ئەویش ئەوە یە: کە موسڵمان لەدڵنیایی و ئاسایش بێت ، ئەگەر بەم شێوەیە دڵنیا بوو کە موسڵمانە ، ئەم وڵاتە دەبێتە وڵاتی ئیسلام ، ئەگەر بەم شێوەش نەبوو دەبێتە ( دار الحرب ) دەڵێت: ئەمە لە مانای ئیسلام نزیك ترە لە وەی کە بە وڵاتی گاوری دابنێن ، ئەم ڕایەش لەگەڵ بنەمای هزری جەنگەکانی ئیسلامە کەوا هەموویان بۆ بەرگری بوینە بۆ پاراستنی موسڵمانان.

٢-کۆچ کردن لە پێناو بژێوی ژیان و بازرگانی وەدەست هێنانی سامان و کار: ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی جۆری کارەکە ئایا حەلال و دروستە یان حەرامە ، هەروەها چەندیەکەی ناچاریان بۆ شتیٚ ترە ؟ ڕای بەهێز ئەمە ناپەسەندە، لە بەر ئەوەی پاراستن و جێگیری لە سەر باوەڕ و ڕەوشتی جوان لە وڵاتی غەیرە موسڵمانان توانایەك و باوەڕێکی بەهێزو جێگیری دەویٚ بۆ پاراستنی ، وا دەبیٚ ئەم دەسکەوتە نایەتە دی بۆ هەموو تاکی کۆچبەران، لە بەر ئەوەی بنەمای فیقهی دەڵێت ( دفع المفاسد أولى من جلب المصالح ) واتە: لادانی کارە تێکدەر و نا بەجیٚ یەکان لە پێشترە لە بەدەست هێنانی بەرژەوەندیەکان .

٣-کۆچ کردن بۆ وەدەس هێنانی زانست : ئەمەش فەرمانەکەی جیاوازە بەگوێرەی جۆری زانستەکە، کە بەدەستی دهێنێت ، ئەویش ئایا لە زانستە بەسودەکانە وەك پزیشکی و ئەندازیاری و حیساب هتد ، یان لە بەشە بیٚ کەلك و تێکدەرەکانە وەك جادوگەری و ساختە و جامبازی و سیخوڕی و ئەم جۆرە بابەتانە .

٤-کۆچ کردن بۆ بەشداری کردن لەکۆنگرەو خول و نێردراوە زانستیەکان و فێربونی زمان و شێوەکاری، ئەمانەش لە جۆری کۆچ کردنە بۆ وەدەست هێنانی زانست وەدەگەڕێتەوە بۆ نیەت و مەبەستی کۆچکار لەم کارەی .

٥-گەشت کردن بۆ گەشت و گوزار لە گەڕان و سوڕان لە جیهان ، یان مانەوەی کاتی لە وڵاتانی غەیرە موسڵمان ، ئەمەش فەرمانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مەبەستی کۆچبەرەکە ئەگەر مەبەستی لەم گەڕانە پەند وەرگرتن بێت، دواتر بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، ئەمە بەڕای هەموو زانایان دروستە، بە بەڵگەی ئەوە کە ئەم ئایەتە پیرۆزە بەگشتی ئەمانە دەگرێتەوە کە دەفەرمویٚ( قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ۚ ثُمَّ اللَّهُ يُنشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ) العنكبوت٢٠، واتە: ئەی محمد (درودی خوای لەسەر بێت) بلیٚ بڕۆن بگەڕێن بەزەوی دا و سەرنج بدەن کە چۆن دروستکراوەکانی لە سەرەتاوە بەدیهێناوە ، لە پاشان هەر خودا بەدیهێنانی دوا ڕۆژیش بەدی دێنیٚ، بەڕاستی خودا بە توانایە بەسەر هەموو شتێکدا.

بەڵام ئەگەر گەشت کردن بۆ خۆ هەڵکێشان و کات بە فیڕۆ دان خەرج کردنی سامان لە شتی کە خودا حەرامی کردوون، هەروەها گومانی زۆر بێت کە گەشتەکەی لەم جۆرانە دەبێت، ئەمە ڕای هەموو زانایان قەدەغە و حەرامە، پێویستە موسڵمانان لە خولگەی ڕواو حەلال بمێنێتەوە و هەوڵی بۆ بدات، تەنها لە بارودۆخی ناچاری نەبێت یان زۆر پێویستی، زەرورەتیش بەگوێرەی خۆی دیار دەکرێت، دیار و ئاشکرایە کە لە وڵاتانی ئیسلامی شوێنی زۆر جوان دڵڕفێن هەیە لە ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاوا کە لە ئەژمار نابیٚ بۆ گەشت کردن.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی باڵای فتوا
اللجنة العليا للافتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان



ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org

٦-کۆچ کردن بۆ داو دەرمان و چارەسەری نەخۆشی: ئەمە دروستە ئەگەر ئەم جۆرە چارەسەرەیە لە وڵاتی ئیسلام نەبێت بەجۆری ئەگەر کۆچ نەکات ئەم چاودێریە پزیشکیەی چەنگ نەکەوێت، لە بەر ئەوەی پاراستنی گیان لە ناچاریە شەرعییەکانە.
٧-گەشت کردن بۆ کاری دیبلۆماسی بۆ ناو وڵاتانی جگە موسڵمان و مانەوەی لەوێ ، ئەمەش بەندە بەکاری دیبلۆماسی، ئەمەش دروستە بەمەرجێ بۆ ماوەیەکی کاتی بێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی نێودەوڵەتی ، تا وەکو ئەم بەرژەوەندیە نە لە خولگەی یارمەتی دان دەرنەچێ لە سەر پاراستن و چاکە ، خوای گەورەش زاناترە .
٨-گەشت کردنی ئافرەت کۆچکردنی بۆ وڵاتانی نا موسڵمان : ژن بۆی نییە گەشت بکات بۆ وڵاتانی غەیرە موسڵمان بەبێ ئەوەی مەحرەمی لەگەڵ نەبێت بە تەنیا بۆی دروست نیە، ئەگەر گەشتی بۆ دروست نەبێ کۆچ کردنی لە پێشترە بۆ دروست نەبوون، یان مانەوەی بەنیشتەجێ بوون بەتەنیا ، فەرموودەکانی پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت) بەڵگەن لەسەر ئەمە لەوانە: ( لاتسافر المرأة الا مع ذي محرم،ولا يدخل عليها رجلٌ إلا معها محرم ، فقال رجل : يارسول الله إني أخرج في جيش كذا وكذا وامرئتي تريد الحج ؟ فقال:أخرج معها - رواه البخاري -١٨٦٢) واتە: ئافرەت گەشت ناکات تەنها ئەگەر لەگەڵ خزمێکی مەحرەمی بێت، هەروەها بە تەنیا نابێت لەگەل پیاوی بیانی بەبێ خزمی مەحرەمی. کابرایەك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا من دەمەوێ دەرچم لەگەڵ سوپای بەم شێوە، ژنەکەشم دەیەوێ بچێتە حەج، فەرموی: لەگەڵ ژنەکەت برۆ ، وە فەرمودەی ( لايحل لإمرأة تؤمن بالله واليوم الآخر أنْ تسافر مسيرة يومٍ و ليلة ليس معها حرمة ، متفق عليه عند البخاري برقم - ١٠٨٨، ومسلم - ١٣٣٩) ، واتە : هەر ژنێ باوەڕی بەخوداو رۆژی دوایی هەبێت بۆی دروست نیە گەشت بکات بۆ ماوەی شەو رۆژێکا بەبێ خزمی مەحرەمی .
٩-کۆچ کردن بەبێ مۆڵەتی دایك و باوك: ئەمە دروست نیە، لەبەر ئەوەی گوێڕایەڵی دایك باوك بەچاکە واجبە لەسەر منالەکانیان، بەڵکو لەکارە هەرەباش و گەورەکانە بۆ وەدەست هێنانی ڕەزامەندی خودا ، ئیمامی بوخاری لە سەحیحەکەی خۆی سەردێرێکی بەم ناوە داناوە بەناوی ( باب لايجاهد إلا بإذن الوالدين ) فەرمودەی لە عبدالله ی کوڕی عومەر دەگێرێتەوە ڕەزای خوایان لە سەر بێت ( أجاهد ) بە مانای دەجەنگم لە پێناو خودا، وتی دایك و اوکت هەیە؟ووتی:بەڵێ، فەمووی خزمەت و چاودێریان بکە ئەمە جیهادە ، ئەم فەرمودەیە لە بوخاری بە ژمارە (٥٩٧٢) باسی کردووە ، جا ئەگەر مۆڵەت وەرگرتن بۆ جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خودا بەم جۆرە بێت کۆچ کردن لەپێشترە بۆ مۆڵەت وەرگرتنیان.
لەکۆتایی دوو خاڵی گرینگ هەیە پێویستە جەختیان لە سەر بکرێت ئەوانیش :
یەکەم : هیچ گومان نییە کە جێهێشتنی وڵات کارێکی زۆر سەختە ، مرۆڤ لە خۆشەویستی نیشتیمان لێ ڕاهاتووە ، لە بەر ئەوەی ڕەگەز و نەوەو خزم و کەس و بیرەوەریەکانی هەمووی لەم وڵاتەیە ، لیژنەی فەتوای باڵاش ڕاسپاردەی سەرجەم هاولاتیان دەکات کەوا ئارام بگرن لە سەر باری ئێش و ئازارەکان، بەهیچ شێوە بیر لە جێهێشتنی وڵاتەکەیان نەکەنەوە ، تەنها لە بارودۆخی زۆر ناچاری نەبێت ئەویش بەپێی ئەم حوکمانەی کە لە پێشەوە باسمان لێوە کرد، وحکومەتە ئیسلامیەکان بەگشتی و حکومەتی کوردستان بەتایبەتی باری ئەم بەرپرسیاریەتیەیان لە ئەستۆیە خەڵك لە زۆری کۆچ کردنی گەنجان، و لە سەر یانە کێشەکە چارەسەر بکەن بەگوێرەی شەریعەت و یاسای ڕەچاو کراوی شەرعی .


ناونیشان: هەولیر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org
یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان - لیژنەی باڵای فەتوا

دووەم :. پێویستە ئەمەش بزانین کە کۆچ کردن چەندەها خراپە و تێکدەری تیایە لە لایەنی ئاینی و دونیایی ، لە لایەنی ئاینی یەوە: ترسی ڕاستەقینە لەئەنجام نەدان و وازهێنانی لقەکانی فیقهی وردە وردە ، ئینجا دواتر لە دەستدانی بنەما ئاینیەکان ، هەروەها زۆر ئاسانە بکەوێتە کارە ترسناك بۆ لە ناوچوون لە بەر ئەوەی هەڵفریوان و لە رێ لادان کارێکی بێگومانە، تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە خوای گەورە بیانپارێزێت، دەیەها موسولمانی ئایندارمان بینی لەم کۆچە لە ئایین هەڵگرانەوە یان ڕێگای داوێن پیسی و نارەواییان گرتە بەر لە ژیانیان لە پاش نیشتەجێبونیان لە ولاتی ناموسولمان، زۆرانیش هەبوون کە لە رەوشت و باوەر مامناوەند بوون ، دواتر زۆر توند و رەگەز پەرست دەرچوون و بوونە تیرۆرست، پاش مانەوەیان لە ولاتانی خۆر ئاوا، هەر لە بەر ئەم هۆکارانە ناتوانرێت لێبووردری و چاو پۆشی لێبکرێت.

لە کارە خراپ و تێکدەرەکانی دونییاش: وازهێنانە لە داب ونەریتە جوانەکانی ئیسلامی و نیشتیمانی و کۆمەلایەتی و توانەوەی لە نێو داب ونەریتی خۆرئاوا کە زۆری تیایە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی یە، هەر لەم کارە خراپانە جێهێشتنی خزم و کەسیەتی بەتایبەتی دایك و باوك منال و خێزان وخوشك و برایان ، کە ئەمانەش خوای گەورە فەرمانی پێکردوین بە نەپچرانی خزمایەتی، وەهەروەها لە کارە خراپ و نابەجێ یەکان لە دەست دانی مرۆڤی زاناو بیرمەند و شارەزا بە بواری زانستەکان خاوەن بروانامە کە لە پێناو وەدەست هێنانی ئەمە تەمەنی خۆی خەرج کردوە ، وەهەروەها زۆریش لە سامانی ولات دەچێتە دەرەوە کە لەوکاتە وەلات پێوستی پێیەتی، ئەگەر بەراوەرد بکەین لەگەڵ وەلاتانی غەیرە موسولمانیش بە هەزارەها جار هەر لەم کارە نابەجێیانەیە لە دەست دان و رۆیشتنی گەنجانە لە ولاتی موسولمانان بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی، ئەمەش لە بارودۆخەکی زۆر سەخت کەوا وەلاتمان پێویستی بە هێز و بازوی ئەوان هەیە ، وەهەروەها بە زانست و بیرمەندیان بۆ پێشخستن و گەشانەوەی وەلات لە لایەکەوە ، لەلایەکی تریشەوە بۆ رووبەروبونەوەی دوژمنانی سەر سەخت کە هەردەم چاویان بریوەتەوە وەلاتمان.

لەسەر بنەمای ئەم رابردوەو تاوتوێ کردنی بابەتەکە و لێکۆلینەوەی زانستی بۆی، لە لایەن ئەندامانی لیژنە بۆ ئەم بابەتە، لیژنەی بالای فەتوا لە هەرێمی کوردستان گەیشتە ئەم دەرئەنجامەی خوارەوە:-

١-ئەگەر یەکێ دونیای لەسەر یەك وێکهات و نەیتوانی لە ولاتی خۆی کارە ئاینیەکان ئەنجام بدات دەتوانێ کۆچ بکات بۆ پاراستنی ئاینی خۆی، ئەم بارودۆخەش زۆر دەگمەنە لە ولاتانی ئیسلام سوپاس بۆخوا، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمە دەبێت کە یەکێ موسولمان بێت لە ولاتانی ناموسولمان و نەتوانێت کارە ئاینیەکانی راپەرێنیت تیایی .

٢-ئەگەر مرۆڤ بۆ وەدەستهێنانی بژێوی ژیانی لە ولاتی موسولمانان بۆی عەزیەت بوو نەیتوانی ژیانێکی رێزدار و خۆش وەدەست بێنیت کە لایەق بێت بەو ، دەتوانێ بچێتە ئەو شوێنەو کاری تیا بکات ، بەمەرجێ ئەو پێویستی بە کار و بژێو بێت ئەمە دەتوانێ بچێتە وەلاتی غەیرە موسولمانان و کاری تیا بکات بەلام لە سەری پێویستە کە خۆی بپارێزێ وەهەروەها ئاینەکەی بە پێی توانای ، دەبێ ئەم نیەتەشی هەبێت کە هەرکاتێ ئەم ناچاریەی نەما بگەرێتەوە بۆ وەلاتی خۆی ئەگەر توانی .

٣-کۆچکردن بۆ چارەسەری نەخۆشی بێ یا خانەوادەی ئەم نەخۆشیەشی لە ولاتی خۆی چارەسەری نەبێ ، یا چاودێری تەندروستی تەواو بۆ ئەو نەخۆشیە نەبێت، ئەوا بۆ ئەم مەبەستە دەتوانی بۆ ولاتێکی غەیرە موسلمان کۆچ بکات.

٤-ترسی هەبێ لەسەر گیانی خۆی یان سامانی یا ئابروی لە ماناوەی لە ولاتی خۆی ئەمەش دەگونجێ لەو ولاتانەی جەنگی ناوەخۆیان لێ روودەدات و ئاسایش لە دەست ددەن وای لێدت مرۆڤ لە سەر ئەم شتانە دڵنیا نەبێ وەك ئەوەی



ناونیشان: هەولیر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان - أربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org

که ئیمرۆ دەبینین لە ناو هەندێ وەلاتانی ئیسلامی، ئەوا لەم بارودۆخە لە رووی شەرعیەوە دەتوانێ کۆچ بکات ، بەلام بە نیەتی نیشتەجێی بەردوام نەبێ لەو وەلاتەی بۆی دەچێت .

٥-گەشت کردن بۆ دەستهێنانی زانستێکی بەسود کە لە ولاتی ئەو نەبێ، بەمەرجێ لە خۆی دلْنیابێ کە خۆی پێرادەگیرێ بەرامبەر گوناهەکان و هەڵفریوناندن.

٦-گەشت کردن بۆ کاری دیبلۆماسی ئەویش بەو مەرجانەی کە باسمان کردن، ئەم کارەش تەنها بۆ چەند کەسانێکە کە دەولەت داوایان لێدەکرێت بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانەی لە نێوان دەولەتاندا هەن.

واجبە لەسەر موسولمانان لەو بارودۆخانەی کە گەشت و کۆچیان بۆ بکات پێویستە لەسەری ڕێگای بێ ترس و سەلامەت هەلبژێرێ بۆ گەشت و گواستنەوە خۆی و خانەوادەی نەخاتە مەترسی بەم کەرستانە گەشت ناکات کە زۆربەیان ترسناك و لە ناو بەرن .

لە کۆتایی لیژنەی بالای فەتوای هەرێمی کوردستان بەم کۆچبەرە گەشتیارانەی کە نیشتەجێ دەبن لە وەلاتانی غەیرە موسولمان ڕادەسپێرێ کە نیەت و هۆکاری کۆچەکەیان هەرچی بێ لە خوا بترسن بەپێی توانایان و کاروباری ئاینیان بپارێزن هەروەها منالْ و وەچەکانیان هەولْبدەن لە ناوەند و مەڵبەندێکی ئیسلامی میانرەو بدۆزنەوە بۆخۆیان و خانەوادەیان بۆ ئەوەی ئاین و باوەریان بپارێزن، خوای گەورە دەفەرموێ (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا ) التحريم -٦، واتە :- ئەی ئەوانەی باوڕدارن خۆتان و خانەوادەکانتان بپارێزن لەئاگر، یان ئەگەر ئەم کۆچبەرانە خەلکی بەتوانا و لێهاتوو بوون دەتوانن ئەم کۆچەیان لە ڕێگەی خواو بانگەوازی ئاینەکەی خەرج بکەن بە نیشاندنی کار و شتە جوانەکانی ئیسلام ئەمەش بە کار دروستی و ئامۆژگاری جوان هەروەك قورئان ئاماژەی پێدەکات، هەروەها رەوشتی ئیسلام ئاکارە جوانەکانی پێغەمبەری بەزەیی نیشان بدا (د.خ)، خوای گەورە دەفەرموێ ( لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا ) الأحزاب-٢١ ، واتە:- سوێند بە خوا لە پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) سەرمەشقی و پێشەوایەتی چاك بۆ ئێوە هەیە بۆ کەسێك بە هیوای خودا و پاداشتی رۆژی دواییە وە زۆر یاد خوادەکات.

بۆ خەلکانی ئەو وەلاتە روونبکەنەوە کە ئایینێ ئیسلام میانرەو و مامناوەندیە ئاینی ئاشتی و دلْنیابوون و پێکەوەژیان و یارمەتیە ئاینی ئیسلام دوورە و لە تیرۆرو توندوتیژی ، قورئان و سونەت و کۆی ڕای زانایان و بیرمەندان ئەمانە هەمویان شایەدن لەسەر ئەمە ... والله سبحانه وتعالى أعلم

**لیژنەی بالای فەتوا**

**یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

هەولێر: ٢٣/ کانونی یەکەمی ٢٠١٦ زاینی

٢٣ / رەبیعی یەکەمی ١٤٣٨ کۆچی



ناونیشان: هەولیر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org